سەماحەتی حەکیم..عێراق بە دەخێك سەقامگیری تێپەڕە دەبێت کە پێشتر بەخەیاڵەوە نەبینیوە

لەدەستپێکی سەردانەکەی بە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە شێخ عەلی باپیر سەرۆکی کۆمەڵەی دادی کوردستانی کەوت و لەم دیدارە باسی پێشهات و دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە کرد.

بەڕێز حەکیم ئاماژەی بە سروشتی گەڵانکاریە سیاسیەکان کرد کە خەی لە دۆخی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و کەمەڵایەتی عیراق بەرجەستە دەکات، گوتی کە ئەو سەقامگیرییەی بەرقەرارە و پێشتر نمونەی نەبووە، پێویستە بەردەوامی پێ بدرێت و پێش بخرێت بە ئەوەی ببیتە سەقامگیرییەکی بەردەوام بە ئەوەی هیوای گەلی عیراقی بهێتە دی.
هەروەها ڕوونی کردەوە، کە حکومەت زۆر جیدیە لەوەی کە هەموو تێگەڕە چارەسەر بکات و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات و متمانەی هاوڵاتی بە ڕژێمی سیاسی وەربگرێتەوە، هەروەها قبوولکردنی ئەو حکومەتە لە ناوچەکە و لەووی نەو دەوڵەتیدا وای کردوە بەغدا ببێتە خاڵی بەیەك گەیشتنی نەیارەکانی ناوچەکە، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر گرنگی سەقامگیری کوردستان بە عێراق و گوتی تاقیکردنەوەکان دەریان خستوە کە عێراق پێویستی بەوە هەیە هەموو گەڵپانەکان سەقامگیری تێدا هەبێت.